# ئایا ئێمە عێراقین یان عێراق داگیر کەرە

دواي ريكەوتن نامەي لۆزان كوردستان دابەش كرا بەسەر چوار ولآتا كە لە روي زمان و كلتور و سروشت و هەلكەوتي جوگرافي له ئەوان جياواز ترە٠ كورد هەميشە وەک كەمايەتي و بەشێک لەو ولآتەي كە تێيدا دەژى دراوە لە قەلەم و لە باكوري كوردستانيش ئەو مافەي لى وەرگيراوەتەوە و بە توركى شاخيان ناو دەبەن و مافى قسەكردنيان بە كوردي نيه و مافه كلتوريشيان لى قەدەغە كراوە له رۆژئاواى كوردستانيش مافى هاولآتي بوونيان لى وەرگيراوەتەوە و بۆيان نية ناسنامەى وولآتى داگيركەريش وەرگرن٠٠٠٠٠!

له باشور و رۆژهەلآتيش ئێمە كەمايەتين و هاولآتى ژمارە دوو و ژمارە سێين٠ بە دڕندانە ترين شێوە رژێمە يەک لەدواى يەكەكان مامەلەمان لەگەل دەكەن٠ هەولى بن بڕ كردن كوشتنى بە كۆمەل و بەكارهێنانى غازى ژاراوى و ڕەشە كوژيمان دەكەن٠ سەرەڕاى ئەمانە و هەزارەها شتى تريش ولآتانى داگيركەر {عێراق،ئێران،توركيا،سوريا} دەستيان گرتوە بەسەر سەروەت و سامانى كوردستانا وەكو نەوت و كانزا و دارستان و سەيرانگا و٠٠هتد و بە مولكى خۆيانى ئەزانن و كورديش وەكو كەسانى ياخى و لە ياسا بەدەر وگێرەشێوێن دەدەن لە قەلەم٠ سەرەڕاى ئەم هەموو دزى و تالآنە بە ئاگر و ئاسن مامەلەمان لەگەل دەكەن٠٠٠٠!

عێراق كە بە دووەم وولآت دادەنرێ لە رووى بەرهەم هێنان {ئيحتياتى} نەوتەوە سەرچاوەى نەوتەكەى لە ناوجەرگەى كوردستان هەلدەقولێ لە كەركوک و لە بيرەكانى بابە گور گور،لە رووى ئابوريەوە خەلكى عێراق بوژاونەتەوە تەنها كورد نەبێت٠٠!هيچ گوندنيشێ نيە لە كوردستانى باشور زياتر لە دوو سێ جار مالى كاول نەبوبێ تا ئێستاش خەلكى كورد لە سەر خاكى كوردستان ئاوارەن تا ئێستا ئاوارەكانى كەركوک لە ژێر خێوەت و لايلۆن دەژنون٠ هەموو عارەبى عێراق بە سونە و شيعە و توندرەو و ليبرال و راست و چەپ و ئيسلاميشەوە كۆكن لەسەر ئەوەى كە كەركوک بەشێكى دانەبڕاوى خاكى عێراقە و نابێت مۆركى كوردستانى پێوە بنرێت، ئەو جۆرە باسە لاى ئەوان باسێكى قورسە و خەتى سوورە٠٠! هەر باسێک بكرێ لەو مەسەلەيە ئەوا دەلێن كورد مەيلى جيا خوازى و پارچە كردنى خاكى عێراقى هەيە وەک باسى جيا خوازى كوفر بێت بۆ كورد و هەر كاتێ باسى بكەين ئيتر تەلآقمان بكەويت٠٠٠!

بە هەمان شێوە لە ئێران سەرچاوەى زۆرى نەوتى لە كوردستان دەردەهێنرێ لە شارى كرماشان٠ بە هەمان شێوە دەولەتى سورى سەرچاوەى نەوتى لە كوردستانە لە شارى قاميشلو٠٠٠

لە دواى كۆتايى هاتنى جەنگى جيهانى دووەم و بە هۆى ئەو كۆمەل كوژيەى بەسەر جولەكەكاندا هات لەسەر دەستى هيتلر٠

مەندوبى سامى بەريتانى هيرتزل بەلفۆر پەيمانى بە جوەكان دا كە بيانگەرێنێتەوە بۆ ئەرزى چاوەروانكراوى باوباپيرانيان و دەولەتى ئيسرائيليان بۆ دروست بكاتەوە٠ ئەگەر بە مێژوودا برۆينەوە بۆمان دەردەكەويت كە ئيسرائيل خاكى جولەكەية و تەورات و ئينجيل و تەنانەت قورئانيش شايەتى ئەو راستيەن بەلآم بەهۆى ململانێى شارستانيەكان كە ئەوە باسێكى درێژە نامەوێ لە مەبەست لادەم

عارەبى ئيسلام و مەسيحى و جولەكەى تێدا ژياون لە ئيسرائيل ديارە مێژووى سنورى سياسيش زۆر كۆن نيە٠ بەهۆى گۆرانكارى كۆمەلآيەتيەكان و بەرژەوەندى ئابوورى واى كردوە كە مەسيحى و ئيسلامش لەوێ بژين، هەر بە قسەى عارەب و جوەكان خۆيان دەلێن ئێمە ئامۆزاى يەكين؛ راستيش

دەکەن هەردوو سامین٠٠ و سەر بە یەک بنەچەن،،

لە دوای دروست بونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨ تا ئێستاش فەڵەستینیەکان ئیسرائیل بە داگیرکەر دەزانن و زۆربەی ووڵاتانی عارەب دانیان نەناوە بە ئیسرائیلا وەکو ووڵات٠ هەموو پارت و ڕێکخراو بزوتنەوەکانی فەلەستین بە ڕاست و چەپ و ئیسلامی و لیبراڵەوە

کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئیسرائیل داگیرکەرە و ئامانجیان رزگارکردنی فەلەستینە لە جولەکە؛؛لەبەر ئەوەی ئامانجیان یەکە ٥٧ ساڵە ئیسرائیل لەهەوڵی ئەوەدایە نێوانی هێزە فەلەستینیەکان تێک بدات بەڵام ناتوانێت لەگەڵ بوونی جیاوازیەکی زۆرلە بیر و ڕا لەنێوان ئەو پارت و بزوتنەوە و گروپانەدا بە پێچەوانەی ئێمەی کورد کە عێراقی و ئێرانی وتورکی و سوری عیار ٢٤ین و لە عێراقیەکانیش عێراقی ترین،،ڕۆژانە ملیۆنێ تـــ ملیۆن و نیوێ بەرمیل نەوت لە کێڵگەکانی کرکوک دەدزن و خەڵکی عێراق لافو گەزافی بەسەرەوە لێ ئەدات و خۆیان بەیەکێ لـــە دەوڵەمەندەکانی جیهان دەزانن بەسەر نەوتی کوردستانەوە و لە کاتی ڕژێمدا ئەو نەوتە دەدرا بە ووڵاتانی عارەب بەبێ پارە٠ساڵانە ووڵاتی تورکیا ملیارەها دۆلاری دەست دەکەوێ لە ڕێگای بەندەری جیهان کە نەوتی کوردستانی لێوە دەڕواتە دەرەوە بۆ عێراقـــی داگیرکەر،،،لە هەموو پارچەکانی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق،ئێران،تورکیا،سوریا هەیە،،باشە ئێوە ئەگەر سەر بە ووڵاتانی داگیرکەرن بۆ کوردستانین؟ یان ئەگەر کوردستانین بۆچی سەر بە ووڵاتانی داگیرکەرن؟؟بۆ ئەبێت خەباتی ڕزگاری خوازی گەلەکەمان بە ناوی ووڵاتانی داگیرکەرەوە ناو بنێین؟ ماوەیەک پێش ئێستا عارەبە سونیەکانی عێراق لە زمانی د٠حارس الضاری وتیان ئێمە بە هیچ حکومەت و دەستورێک ڕازی نابیـــن کە لە ژێر دەستەڵاتی داگیرکەرا بێتە کایەوە ، بە ڕۆژانە دەیان خەڵکی بێ تاوان دەکوژن بە هۆی ئۆتۆمۆبیلی مینڕێژ کراو و ســـەر بڕین بە دەستی هەتیوەکانی صدام و گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکانەوە، میدیاکانی عارەب و جیهانی وایان باس دەکەن ئەڵێی ١٨٢ هەزار عارەبی سونە بە دەستی کورد ئەنفال کراون،،وەکو ئەوە وایە کە فلوجە و رومادی بە دەستی کورد کیمیا باران کرا بێـــت

یان ٥٠٠٠ گوندی عارەب نیشین بە دەستی کورد وێران کرا بێت یان بیرە نەوتەکانێ عارەب لە لایەن کوردەوە داگیرکرابێـــــــت لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە باشوری کوردستان بە دەیان هەزار ئەفسەر و دەرەجە دار کەوتە دەست خەڵکی ڕاپەڕیوی کـــورد بە ئەو پەڕی ڕێز و حورمەتەوە هەفتەیەک خزمەت کران و بەڕێ کران بۆ لای کەس و کاریان کاتێ ڕێگا کرایەوە،،بەڵام شۆفێرێکی

کورد کە بە گڵابە بەرد دەبات بۆ باشوری عێراق بۆ ئەوەی بژێوی خۆی خێزانەکەی بەدەست بهێنێت ئەگیرێ و بۆ ماوەی ٢٠ڕۆژ بە وەحشی ترین شێوە ئەشکەنجە دەدرێ و پاشان بە تەورداس دەیکوژن تەنها لەبەر ئەوەی کوردە،،ئەمە وەک نمونەیەک بە سەدان نمونەی تریش هەن،،

کۆنەپەرست ترین ودواکەوتوو ترین کەس لە عێراقا عارەبی سونەن هەست بە داگیرکردنی ووڵاتەکەیان دەکەن و بە هیچ پۆســـــت و پارە و پشی پشیەکی ئەمریکا ڕازی نین لە دەرپەڕانی داگیرکەر بەولاوە،،بەڵام سەرکردایەتی کورد لە باشور بە هەندێ پارە و دەست کەوتی حیزبی و پۆستی سیادی وازیان لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کورد هێناو بوون بە بەشێک لە ووڵاتی داگیرکەر٠ ئەو پارەی کــە وەری دەگرن لە سەدا پێنجی داهاتی کوردستانیش نیە و ئەو پۆستە سیادیەش بۆ خەڵکی کورد هیچ ناگەیەنێت،

لە وتارێکی پێشودا داوام لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان کرد بوو کە داوا لە پەرلەمانی کوردســـــتان بکرێ کە دەستورێ دابنرێ بۆ باشوری کوردستان تێدا وردەکاریەکانی

تیا بنوسرێ چۆن هەڵسو کەوت بکەین لەگەڵ حکومەتی عێراق هێڵە سورەکان دیاری بکرێ و هەروەها ببێت بە پەیڕەو پرۆگرامی ناوخۆ بۆ چۆنیەتی دەسەڵات لە نێو هەرێمی کوردستانی باشور،،

هەروەها داوا لە هەموو دڵسۆزان و خەمخۆرانی کورد دەکەم لە هەر٤پارچەکەی کوردستان لە ڕێگای پەرلەمانی کوردستانی باشورەوە دوا بکرێ نوێنەرێکی کورد بە ڕەسمی لە نەتەوە یەکگرتوەکان دابنرێ و بەرگری لە مافەکانی ٤٠ ملیون کورد بکات لە هەر ٤ پارچەکە ئەگەر ئەم هەنگاوانە ئەکتیڤ بکرێن دەبنە باشترین دەستکەوت کە کورد بە دەستی هێنا بێت،،کورد ئەمرۆ لەسەر خاکی خۆی ئاوارەیە

و دەچەوسێتەوە کەسیش نیە بەرگری لێ بکات و ناوی بهێنێت،لە کاتێکدا لە باشوری کوردستان سەرگەرمی هەڵپەرکێ وپیرۆزبایــــن لە سەرکەوتنێ کە سەرنەکەوتووین و بە دەستمان نەهێناوە،،،،

کەسایەتی کورد بە شێوەیەکی گشتی کەسایەتیەکی لاوازە و بە شێوەی سۆز و بەزەی و شەرم سیاسەت و دیپلۆماسی دەکەیـــــن وەکو پێویست پێ داناگرین لە سەر مافە ڕەواکانی گەلەکەمان چونکە هیچ پلانێکمان نیە و ڕابردووشمان زوو بیر دەچێت بەداخەوە ئێمە خاوەن مەسەلەیەکی ڕەواین نابێت شەرمن بین لە ئاست دوژمندا و پڕ سنگمان هاوار بکەێن بڵێین ئێمە عێراقی نین بەڵکو عێراق

داگیرکەرە کە ئێمە وولاتمان داگیر کرابێت بە پێی هەموو یاساکانی ئاسمانی و مرۆڤایەتی پێویستە خەبات بکەین بۆ دەرپەڕاندنـــــی داگیرکەر لە وولات وەکو خەڵکی ڤێتنام و فلستین و فلوجە و٠٠٠٠هتد،ئێمە خەباتمان کرد یەک دەریا خوێنمان ڕشت و چەندەها جار ماڵی کورد وێران بوو بەڵام هێشتا ئێمە عێراقین٠٠! ئێستا پرسیارێ لای کەسانی سەر بە حیزبەکان دێتە کایەوە دەڵێت جوگرافیـــــای کوردستان لە بار نیە و کوردستان دەور دراوە بە دوژمن هەل و مەرجەکان لەبار نیە بۆ ئاوا داواکاریەک،،، منیش لە وەڵامدا دەڵێم ئەگەر ئێوە دەتانزانی لە فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی بەولاوە هیچی ترتان پێ ناکرێ بۆچی ئەم هەموو شەهید و قوربانیەتان دا خەڵکی کوردتان بە ئەنفال و کیمیا باران دا؟؟خۆ لەگەڵ ڕژێمدا دانوسانتان بکردایە هەمان دەسکەوتی دەدانێ لە پۆست و داهاتی عێراق ٠ئایا هەست ناکەن کە تاوانێکتان ئەنجام داوە بەرامبەر خوێنی شەهیدان و خەڵکی کورد؟ لە جیاتیا هەندێ دەستکەوتی

حیزبی و مادیتان بە دەست هێنا ،،کامانەن ئەو دەستکەوتە نەتەوایەتیەی کە بە دەستان هێناون؟ چ گەرەنتیەک هەیە بۆ دوا ڕۆژی ' نەوەکانمان وەکو ئێمەیان بەسەر نەیەت؟ ئایا هەست ناکەن ئێوە خەڵک چەواشە دەکەن و بیری نەتەوەی لە ناو خەڵکی کوردا دەکوژن لە پێناوی پارتەکانتانا؟؟؟

ئارام دەربەندیخانی/ سوێد/٢٤/٦/٢٠٠٥